# دەقی داخراو

**حسەین لەتیف**
**(دەربەندیخان)**

بێ ئاگا بوون لە تیورەکانی ڕەخنە و تیورە ئەدەبییەکان هۆکاری باڵا دەستبوونی ئەو بۆچوونەیە کە تا ئێستایش پێی وایە ڕەخنە بریتییە لە ڕەخنەی بنیادنەر و ڕووخێنەر، هەر ئەم بێ ئاگاییە وای کردووە زۆرینەی قسەکردن لەسەر دەقە ئەدەبییەکان لە باری سەرنجی تایبەتی و کەسی تێنەپەڕێت، قسە کردن لەسەر دەق بەبێ گەڕانەوە بۆ تیورە ڕەخنەییەکان، بە پلەی یەکەم بە زیانی دەقی ئەدەبی تەواو دەبێت، چونکە تیورەکان زانستی ناسینەوەی ئەو گوتار و جیهانە زمانییەن کە دەق دەیەوێت بنیادی بنێت.

هەڵبەتە ئەم نووسینە هەوڵێکە بۆ ناساندنی دەقی داخراو، دەقی داخراو چییە؟ پێوەندی و ناکۆکی لەگەڵ دەقی کراوەدا چۆنە؟ ئایا تێگەیشتن لە دەقی کراوە یارمەتی تێگەیشتنمان لە دەقی داخراو دەدات؟ گەڕان بە دوای وەڵامی ئەم پرسیارانە، فەلسەفەی پشت ئەم وتارەیە، لەم وتارەدا هەوڵ دەدەین وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەینەوە.

لە کۆتایی ساڵانی پەنجاکان و سەرەتای شەستەکانی سەدەی بیستەمەوە، هەر یەک لە ئەمبێرتۆ ئیکۆ لە ئیتاڵیا و ڕۆلان بارت لە فەڕەنسا، سەرەتایەکی تریان لە زانستی دەقدا ڕەنگڕێژکرد، ئەمبێرتۆ ئیکۆ بە هێنانە کایەی تیوری (دەقی کراوە- Open Text) و (ڕۆلان بارت)یش بە هێنانە ئارای تیوری (دەقئاوێزان- Enter Textual).

دەقی داخراو Close Text و دەقی کراوە Open Text، لە ناسینەوەی دەقدا، گرنگییەکی تایبەتیان هەیە، بەڵام لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا وەک پێویست نەناسێنراون، بۆ ناسینی دەقی داخراو، پێویستە دەقی



**ئەمبێرتۆ ئیکۆ**

کراوە بناسین، نەک لەبەر دوالیزمی (کراوە/ داخراو)، بەڵکو لەبەر ئەو کایانەی سەرچاوەی لێ وەردەگرن و ئەو کایەی ئیشی تێدا دەکەن، ڕووبەری ئیشکردنی دەقی کراوە ئەدەبە و سروشتەکەشی ئەوەیە ڕاڤەی جیاواز هەڵدەگرێت، ڕووبەری ئیشکردنی دەقی داخراو زانستەو سروشتەکەی ئەوەیە کە ڕاڤەی جیاواز هەڵناگرێت.

ڕۆلان بارت وەک دەقناسێک لەبارەی دەقی داخراوەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات «وەک ئەو پێوەندییە سێکسییە وایە منداڵی لێ دروست نابێت، لە کاتێکدا دەقی کراوە وەک ئەو پێوەندییە سێکسییە وایە منداڵی لێ دروست دەبێت» (١)، لەم دیدگایەوە دەق دەبێت بەرهەمهێن بێت، وەک چۆن پێوەندی نێوان نێر و مێ بەرهەمەکەی دروستبوونی نەوەیە، بەهەمان شێوە دەقێک کە ڕاڤە هەڵنەگرێت، دەقێکی بێ بەرهەمە، هەر بۆیەش دەکرێت دەقی داخراو بە دەقی نەزۆک و بێ بەرهەم ناو ببەین، چونکە دەرفەتی ڕاڤەکردن بە خوێنەر نادات.

بارت لەناو تێکستی ئەدەبیدا جگە لە نەزۆکی، وەک خەسڵەتێکی دەقی داخراو، ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات هەندێک جار شێوازی خوێندنەوەش دەق بەرەو داخران دەبات «گرێدانەوەی دەق بە دەقنووسەوە، واتە ڕاگرتنی دەق و پێدانی کۆتا مەدلوول، ئەوەش داخستنی دەقە» (٢)، بە پێچەوانەیشەوە دابڕینی دەق لە دەقنووس ئەگەری کرانەوە بە دەق دەبەخشێت، چونکە ئەوەی قسە دەکات دەقە، نەک دەقنووس، «دەق بەرهەمی پێوەندی نێوان دەقەکانی ترە، هەندێکیان لەگەڵ یەکتر دەگونجێن و هەندێکی تریشیان لەگەڵ یەکتر ناکۆکن» (٣). خوێنەر توانایی ناسینەوەی ئەو سەرچاوانەی هەیە کە دەقەکەیان پێکهێناوە، هەریەک لە جیرار جینێت و جولیا کریستیڤا و بارت ئەمە بە «دەقئاوێزان» (٤) ناو دەبەن.

کرانەوە و داخرانی دەق چانسێکە خوێنەر بەدەقی دەبەخشێت، خوێندنەوە ڕۆڵی لە دیاریکردنی چارەنووسی دەق بە ئاراستەی کرانەوە و داخراندا هەیە، خوێنەرێک دەتوانێت زیاتر لە ڕاڤەیەک بە دەقێک ببەخشێت، جیاوازە لە خوێنەرێک کە ناتوانێت زیاتر لە گۆشەیەک دەقێک ببینێت، بێ گومان ئەمەی دووەمیان دەق بەداخراوەیی دەهێڵێتەوە، ئەمە بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە لە سەرەتاوە وتمان دەقە زانستییەکان دەقی داخراون، بۆ نموونە ئەگەر دەقێکی قورئانی بدەین بە خوێنەرێکی تاک ڕەهەند، ئەوە بەتەنیا ڕەهەندە شەرعی و ناشەرعییەکانی دەبینێت، ئەمەش بەخشینی ئەو کۆتا مەدلولەیە بە دەق، ئەو دەرگا داخستنەیە لە دەق، کە بارت ئاماژەی بۆ کردووە، ئەگەر هەمان دەق بدرێت بە خوێنەرێکی تر، دەتوانێت جگە لە ڕەهەندی شەرعی و ناشەرعی و مانا نەگۆڕەکان کە دەقنووس پێی بەخشیوە، ئەوە ڕەگەزی شیعری و گێڕانەوە و ڕەوانبێژی تێدا ببینێتەوە، خوێندنەوەی یەکەم دەقەکە وەک هەوڵێک بۆ دیسپلین کردنی مرۆڤ دەبینێتەوە، خوێندنەوەی دووەمیش وەک دەقێکی ئەدەبی دەیخوێنێتەوە، وەک خوێندنەوەکانی ئەدۆنیس بۆ قورئان، ئەو بۆ نوێکردنەوەی شیعری عەرەبی سوودی لە «ڕەگەزی پەخشانی قورئان وەرگرت» (٥).

هەموو دەقێکی ئەدەبی، ئەگەری کرانەوەی خۆی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە، شێوازی خوێندنەوە دەتوانێت ئەو ئەگەرە ئاشکرا بکات و بۆ ڕاستییەکی بەرجەستە بیگۆڕێت، بەڵام دەقی داخراو کە زیاتر دەقە زانستییەکان دەگرێتەوە، هەڵگری ئەو ڕاستییەیە کە ڕێگا بە ڕاڤە کردن و خوێندنەوە نادات.

لە زانستی فیزیادا دەقێکی وەک ئەوەی دەڵێت: (هەر شتێک لە گەردووندا جێگایەک داگیر بکات و بارستاییەکی هەبێ پێی دەوترێت مادده)، یان تیوری

فـارادای لەبارەی کـارەباوە کـە دەڵێت: (جـوولاندنی گەیەنەرێک لە ناو بوارێکی موگناتیسیدا دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی پاڵهێزێکی کارەبایی)، ئەم پێناسانە بە هۆی ئەو قاڵبە کۆنکریتیانەی هەیانە، ناتوانرێت ڕاڤەیان بۆ بکرێت.

لە یۆنانی دێرینەوە تا ئەمڕۆ دەقە زانستییەکانی باسکاڵ و ئەرخەمیدس هەمان دەقن و ڕاڤەیان بۆ ناکرێت، ئەمە لە کاتێکدا دەقە شانۆییەکانی سۆفۆکلیس و تراجیدنووسەکانی تر بەردەوام لەلایەن ڕەخنەگرانەوە خوێندنەوەی جیاوازیان بۆ دەکرێت، لەلایەن دەقنووسەکانەوە دەقی تازەیان لەسەر دەنووسرێتەوە.

دەکرێت دەقێکی (وەک کافکا لەکەنار دەریا)ی هارۆکی مۆراکامی وەک خوێندنەوەیەک بۆ شانۆنامەی ئۆدیب تەماشا بکرێت، یان چیرۆکی (گریگۆری سامسای عاشق)ی هەمان دەقنووس وەک خوێندنەوەیەک بۆ نۆڤلێتی (گۆڕان)ی فرانتز کافکا ببینینەوە، یان هەندێک لە دەقە شانۆییەکانی شەکسپیر وەک خوێندنەوە و ڕاڤەی خوێنەرێک بۆ هەندێک لە دەقەکانی چوار تراجیدنووسەکەی یۆنان ببینینەوە، مرونەتئامێزی دەقە ئەدەبییەکانە ئاسۆی خوێندنەوە و ڕاڤە بە خوێنەر دەبەخشن، تەنانەت دەروونناسی بەناوبانگ سیگمۆند فرۆید لە خوێندنەوەی ئاریشە دەروونییەکانی مرۆڤدا پەنا دەباتەوە بەر دەقە شانۆییەکانی وەک (ئۆدیب، ئەنتیگۆنا، ئەلیکترا)، ئەمەش دەکرێت وەک ڕەهەندێکی تری دەقی کراوە تەماشا بکرێت کە زانستی دەروونی خۆی لەسەر بنیاد ناوە، دەشکرێت زانستی کۆمەڵناسیش تێز و تیوری لێ بەرهەم بهێنێت.

دەقی کراوە بە ڕووی دەرەوەی خۆیدا کراوەیە و دەقی داخراویش بەڕووی دەرەوەی خۆیدا داخراوە، توانایی هیچ گفتوگۆیەکی لەگەڵ دەرەوی خۆی نییە. ئەگەر دەقی کراوە تێمای خوێندنەوە بێت، ئەوە دەقی داخراو تێمای ئەو کایەیە ئیشی تێدا دەکات، وەک دەقە زانستییەکان، چونکە «ئەو دەقانەن پێکهاتەیەکی هەواڵی لەخۆ دەگرن، بواری گەمەی زمانی و بەرهەمهێنانی دیدگای ئیستێتیکیان تێدا نییە»(٦). لێرەوە دەگەینە ئەو بڕوایەی دەقی داخراو بەتەواوی پێچەوانەی دەقی کراوەیە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە دەقی داخراو بەهای نێگەتیڤی هەبێت و دەقی کراوە بەهای پۆزەتیڤی هەبێت، ڕەخنە زانستی خوێندنەوە و هەڵکۆڵینی دەقە ئەدەبییەکانە، بەبێ لەبەرچاو گرتنی باش و خراپ، چونکە باش و خراپ، ڕەگی لە خاک و زەمینەی ڕەخنەی ئەدەبیدا نییە، بەڵکو باش و خراپ سەر بە پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانن، دەقی کراوە مانای ئەوە نییە لە دەقێکی داخراو باشترە، یان بە پێچەوانەوە، بەڵکو هەریەکەیان جیهانێکی تایبەت بە خۆیان هەیە، پێویستە وەک ئەوەی کە هەن، لەدەرەوی بەهای نێگەتیڤ و پۆزەتیڤ بناسێنرێن.

**پەراوێزەکان:**

**١- رولان بارت. درس سیمولوجیا، ترجمة: عبدالسلام بن عبدالعالي، ط٢، دار توبقال للنشر، ل٥٠، سنة ١٩٩٦.**

**٢- هـ، س، پ. ل٦٨.**

**٣- هـ. س. ل٧٨.**

**٤- حسەین لەتیف، تیوری دەقئاوێزانی ئەدەبی. ٢٠١٧.**

**٥- بۆ بەرچاوڕوونی زیاتر خوێنەر دەتوانێت بۆ ئەم کتێبە بگەڕێتەوە، ادونیس، النص القراني وافاق الكتابة، بیروت، ١٩٨٧.**

**٦- قارە مصطفى نورالدين، النص الادبي من النسق المغلق الى النسق المفتوح، سنة ٢٠٠٩، ص١٩٩.**